# الزائد كالنقصان

**فاتمە عومەر ڕێشاوی**
Fatima1964_1@hotmail.com

لە ماوەی ژیانی قوتابێتیماندا زۆر جار لە کاتی تاقیکردنەوەدا گوێمان لە مامۆستا بووە پێی دەوتین ووریا بن پرسیارەکە باش بخوێننەوە و بە پێی پرسیارەکە وەلام بدەنەوە چونکە ووتەیەک هەیە دەلێ الزائد کالنقصان. واتە نوسینی هەر زانیاریەک کە لە چوارچێوەی پرسیارەکەدا نەبێ بە کورتبڕی دادەنرێ و دەشێ پلەی دەرچون بە دەست نەهێنی.

ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ بیلێم ئەوەیە کە کۆمەلێ دیاردە لە کوردستاندا لەم دە پانزە سالەی دواییدا لە چەند بوارێکی جیاوازدا, پەیدابوون, وەک حالەتی ئەو قوتابیە دێتە بەرچاوم کە مەبەستی پرسیارەکەی نەپێکاوە و مامۆستاکەشی ناچار دەبێ نمرەی دەرچونی نەداتێ. هەندێک لەو دیاردانە کە مشتێکن لە خەروارێک:

* لە بواری ڕاگەیاندن وهونەریدا, پێم وایە حکومەت و دەزگاکانی هەرێم و پارتەکانیش ئەوەندەی گرنگی بە ڕاگەیاندن و گۆرانی بێژان و ئاهەنگەکان دەدەن, نیو ئەوەندە گرنگیان بە بواری کشتوکال بدایە وەک ئەولەویەتێک لەم چەند سالانەدا, ئێستە کوردستان بوژانەوەیەکی ڕاستەقینە و پتەو و دروستی بە خۆیەوە دەدی. تا جوتیارێک یان بەرنامەیەکی کوشتوکالی لەسەر ئەو شاشانە دەبینی سەدان گۆرانی بێژ و ئاهەنگ دەبینی. یان دەبێ دروستکردنی بۆنە و کۆڕ کۆبونەوە لە هەندەران سودی چی بێ بۆ خەلکی کوردستان کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە نزمترین ئاستدا دەژین. یادکردنەوەی ئەنفال و کیمیا بارانی هەلەبجە و ناردنی ئەندام پەرلەمانەکان و لێپرسراوەکان بۆ هەندەران کە هەزاران دۆلاری تێدەچێ, سوودی چی بوو بۆ خەلکی هەلەبجەی چەقیوی قورو چلپاوی زستان و تەپوتۆزی هاوینان ؟! یان بۆ دەبێ 88 هەزار دۆلار زۆر بە ئاسانی لە ئەلمانیا بۆ یادی 109 سالەی ڕۆژنامەی کوردی خەرج بکرێ و ڕۆژنامە فرۆشان جێگەیەکیان نەبێ وەک مرۆڤ ڕۆژنامەکانیانی تێدا بفرۆشن. جگە لەو هەموو گلەیی و گازندەیانەی کە لە دوای ئەو بۆنانە بە گوێماندا دەچن. ئەو گلەییانەش دەبنە هۆی بێ هیوا بون و دل ڕەش بوون.

مرۆڤ کاتێ لە پێویستیە سەرەکیەکانی بێ بەش بێ؟ چی لەو هەموو کەنالە ناوخۆیی و ئاسمانیە زۆروزەبەندانەی (( کوردسات, کوردستان, زاگرۆس .... ووردەکانی تر)) بکات. یان چی لە بەرنامەی بێکۆنترۆل و میوان شۆو بەرسیفی تۆ- کە بێکەلک ترین بەرنامەن- و بەرنامەی ئاهەنگێران وچاوپێکەوتن و میوانداری گۆرانی بێژان -کە نیوەی وەختەکەی بە سوپاس و مەدح کردن یان گلەیی و گازندە تەواو ئەبێ_ تەنانەت کوردستار وستودیۆی ئەستێرانیش بکات ؟ بۆیە دەلێم تەنانەت چونکە ئەو دوو بەرنامەیە هەرچەند تا ڕادەیەک پێویست بوون بۆ دروستکردنی دەرفەتێک بۆ گەنجان کە بەهرەمەندی خۆیان تێدا بدۆزنەوە, بەلام ئەوانیش لە دوو ڕووەوە زیادەبوون یەکەمیان ئەوەیە دەکرا پەیامی ئەو دوو بەرنامە بە یەک بەرنامە لە یەکێک لە کەنالەکانەوە بگەیەنرایە. دووەم ئەولەویەتی ئەم قۆناغەی کوردستان بەرنامەی لەو جۆرە و ئەو هەموو کەنالە ئاسمانیە نیە. جگە لەوە خوا نەیبڕێ نە لە ناوەوە و نە لە دەرەوەی وولات کەمو کورتیمان نیە لە کلیپ و دەنگی زولال و گۆرانی فلکلۆر و نیمچە فۆلکلۆر و مۆدێرن.

دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو کەنالانە هیچی باش پێشکەش ناکەن و پێویست نین, بەلام ئەگەر لۆژیکانە بیربکەینەوە دەزانین داهێنان و پێشکەوتن لە بواری هونەر و ڕاگەیاندندا لە ناو نادادی کۆمەلایەتیدا هیچ بایەخ و مانایەکیان نیە. جگە لەوەش زۆربەی کات بێکارەبایی بالی بەسەر کوردستاندا کێشاوە و لە بینینی ئەو بەرنامانە _باش بن یان خراپ- بێبەش دەبن. ئەگەر دەلێن گوایا ئەو کەنالانە بۆ کوردەکانی هەندەرانە. ئەوا العذر اقبح من الذنب دەبێ. چونکە ئەولەویەتی پارتەکان و حکومەتی هەرێمیش دەبێ خەلکی کوردستان بێ نەک ئەوانەی لە هەندەرانن جگە لەوەش کوردەکانی هەنداران زۆر جار کە

دێنەوە کوردستان توشی شۆک دەبن لە نێوان ئەوەی لە شاشەی ئەو کەنالانەوە بینیویانە و ئەوەی لە ئەرزی واقعدا لە کوردستان دەیبینن.

گۆرانی ووتنی ئافرەت, زۆر جار ئافرەتان ناچار دەبن گۆرانیەک بلێن کە هۆنراوەکەی, هۆنراوەی پیاوە و بۆ وەسفکردنی بەژن و بالای ئافرەت وتویەتی, – هەر لەبەر ئەوەی توانا و ئازادی خۆی لەو بوارەدا بسەلمێنێ– بە بۆچونی من ئافرەت هیچ کاتێ نابێ ناچار بێ گۆرانی بلێ ئەگەر هۆنراوەیەکی دەست نەکەوێ کە تەنها بۆ خۆشەویستی ووترا بێ, ئیتر گرنگیش نیە پیاو یان ئافرەت ئەو هۆنراوەی ووت بێ.

⁎ لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا, گەنجێک ئەمڕۆ ژوورێکی دەست ناکەوێ, خێزانێک تا خانویەک دەکات کە دوو ژووری سەربەخۆی بۆ منالەکانی تێدا بێ, وەک دەلێن ڕۆح لە کونە لوتی دێتە دەرەوە! پێم نالێن چی لە شاری خەونەکان و شاری ئەندازیاران و نازستی و بازاڕی نیشتمان بکات. یان چی لە ڕیکلامی شقەیەک بکات شوایە وهۆلی گەورە و دوو حەمام و دوو توالێت تێدا بێ ؟. هەر بۆ ئەوەی خەوی پێوە ببینێ یان هەناسەی بۆ هەلکێشێ ؟! ئەمڕۆ خەلکی پێویستی بە خانوی مەڕ مەڕ و باخچەی خەیالی نیە . ئەمڕۆ خەلکی پێویستی بەوەیە لە نێوان چواردیوار و لەژێر سەقفێکدا کە هەموو مەرجەکانی پاکو خاوێنی و تەندروستی و کارەبا و ئاوی بەردەوامی بۆ دابین بکرێ و کە هاتیشە دەرەوە چاوی بە دەوروبەرێکی سەوز و گەشاوە و پاک خاوێندا هەلبێ.

ئەی فڕۆکە خانە!!, هەموو پێمان خۆشە لە هەر وولاتێکەوە بۆ کوردستان سەفەر بکەین هەر لە کوردستان سەرکەوین وهەر لەوێش دابەزین. بەلام ئایا بۆ ئەم قۆناغە یەک فڕۆکە خانەی بەس نەبوو ؟! مرۆڤ کاتێ بە شەقام و کۆلانەکاندا بسوڕێتەوە چەندین چال و درز و پیسی خەوشوخال ببینی و عەلاگەی ڕەش بە دەوریدا هەلفڕێ و ئەگەر تۆزێ سەر هەلبڕێ ملی لە وایەری کارەبا بگیرێ و جلیکانەی بەنزین سەرجادەکانی ڕازانبێتەوە و قوتابخانە و خەستەخانەکان بێ زەوق و بێ شەوق وەک بەندیخانە دیوارەکانیان بە ئاسماندا چوبێ و قەلەبالغی و گرانی بازاڕ مرۆڤی لە بیرکردنەوە خستبێ, چی لە فڕۆکە خانە بکات.

دیاردەیەکی تر ئاوادانکردنەوەی مەزارەکانە لە بری کۆلانەکانی شار. ئەگەر سەردانی شاری هەلەبجە و و دێی گۆپتەپە بکەی, بە چاکی بۆت دەردەکەوێ مردوەکان شوێنیان زۆر خۆشترە لە زیندووەکان. ئەی باسی مۆنەمێنتەکەی هەلەبجە بۆ ناکەی کە بەردەرگای هەلەبجەیەکی وێرانی گرت بوو. لەو بڕوایەشدام لە ڕوداوە ناخۆشەی سوتانی مۆنەمێنتەکە هیچ وانەی وەرنەگیراوە و هەزاران دۆلاری تر بۆ نوێکردنەوە چاکردنەوەی خەرج دەکرێتەوە.

⁎دیاردەیەکی تر کە من وەکو ووتەی (الزائد کالنقصان) دێتە بەرچاوم, کردنی مۆبایل بە کوردی. لە نێوەندی ئەو هەموو کەموکورتیانەی کە لە بواری پەروەردە و خوێندن و بینا و پێداویستیەکانی قوتابخانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا, تاکی کورد چی لە تەلەفۆنی کوردی بکات؟!! تەنانە لە هەندێ شوێندا قوتابیان لە تەویلەی ئاژەلاندا دەخوێنن ... یان پێلاوەکی زیادە دەخەنە جانتاکانیان تا دەگەنە سەر جادەی قیر لەوێ دەیگۆڕن. منالی ئەوا چی لە فڕۆکە خانە و کەنالی ئاسمانی و بازاڕی ڕازاوە بە کۆمپانیای مۆبایل و جلوبەرگی بیانی بکات ؟!

⁎ لە بواری سیاسیدا من حالەتی ئەمڕۆی کورد سەبارەت بە بونی لە پۆستی سیاسی بەرز و نزمدا لە بەغداد وەک حالەتی ئەو قوتابیە ئەبینم کە وەلامێک دەداتەوە, مەبەستی پرسیارەکە نادات بەدەستەوە. باشە نەدەکرا کورد کەمێک تواناکانی خۆی لەو بەشەی (کوردستان ) چڕکردایەتەوە و هەموو هەولەکان لە خزمەتگوزاریدا بخستایە گەڕ. وابزانم بێ ئەوەی تەپلیش بۆ جیابونەوە لێبدا, دەتوانی سەربەخۆیی

وەدەست بهێنێ. چونکە سەربەخۆیی بە خزمەتگوزاری وەدەست دێ نەک بە هەلا و هەرا و هەڕەشەی سیاسەتی بێ بنەما.
باشە وا بەوەش ڕازین کوردستان بەشێکە لەو عێراقەی -کە بریسکەیەکی هیوا دەبینرێ لە کردنیدا بە دەولەتێکی فیدرالی و دیموکراتی- ئیتر ئەم هەرایە بۆچی لەسەر گەڕانەوە و نەگەڕانەوەی کەرکوک. دیسانەوەش پێم وایە کەرکوک بە خزمەتکردن و دابینکردنی ژیانێکی پڕ کەرامەت بۆ دانیشتوانی, دەگەڕێتەوە لای ئەو مرۆڤگەلەی ئەو کارە ئەنجام بدەن نەک بە هەراو هەلا و دانوستان و گفتوگۆی سیاسی.
هەروەها پێشبڕکێکردنی سەرکردە سیاسیەکانی کورد لە نابژیوانکردنی ناکۆکی نێوان بالە سیاسیەکانی شیعە و شیعە و سنەو سنە و سنەو شیعە. ئەمیش وەلامێکە لە جێی خۆیدا نیە. هەموو دەزانین کاری ناوبژیوانی یان کوژانەوەی ناکۆکی, پڕۆژەو و بەرنامەی خۆی ئەوێ . بۆیە دەبێ پرسین ئایا کورد بە چ پڕۆژەیەک و بەرنامەیەک ئەمە دەکات, ئەگە ر کورد خاوەنی پڕۆژەیەکی وا و خاوەنی کەسانی وا پالەوان و عەبقەریە؟ ئەو پڕۆژەیە یان ئەو عەبقەریانە لە کاتی شەڕی ناخۆدا لە کوێ بوون ؟؟ هەروەک دەوترێ فاقد الشيء لا يعطي. ئێستەش دوای تێپەڕبوونی دە سال.. کاریگەری دەرئەنجامەکانی شەڕی ناخۆ هەر ئیشی خۆی لەسەر تاکەکانی ئەم کۆمەلگەیە دەکات.
کوردێک دوێنێ لە ژێر باری ئەنفال و کیمیاباران و ڕاوەدونان و شەڕی ناخۆ هەلساوەتەوە و ئەمڕۆش لە ژێر باری گرانی و بێ خزمەتیدا مۆنەمێنتی هەلەبجە دەسوتێنێ - چۆن کاری ناوبژیوانی ناکۆکیەکی وا قول و هەمەلایەنەی پێدەکرێ. جگە لەوە ئایا نەتەوەی عەرەب یان ئەو بالە سیاسیە ناکۆکانە هیچ ئەم چاکەیەی کورد لەگەلیان دەکات , لە دوا ڕۆژدا لەبەر چاویان دەبێ, دانی پێدا دەنێن. یان ئەوان هەمیشە خۆیان بە زانا تر و ئاقل تر لە کورد داناوە.
یان ناردنی کورد (پێشمەرگە, سەرباز) ئەویش کارەساتێکی ترە بەلام ئەگەر ئێمەی کوردی ئەم بەشە بوبین بەو (عێراقی)ە دلسۆزەی کە میدیا کوردیەکان لە زیاتر لە میدیا عەرەبیەکان ڕیکلامەی بۆ دەکەن ؟!! بۆچی نا دەبێ کورد ئەرکی سەرشانی خۆی کە لە دەستوری عێراقدا دیاریکراوە ببینێ و دیسانەوە بچێتەوە باوەشی ئەو زۆرینەیەی کە عێراقی بە شێوەیە لا پیرۆز بووە, ئەگەر بیشیسوتێنێ, نایەلێ لەتە دەولەتێکی کوردی لێجیابێتەوە.
ئەو عێراقچێتیەی کە ئێستە دەیبینین, دەکرا بزوتنەوەی خەباتی کورد نە پێشتر وا بە قێزەون سەیری بکردایە و نە ئێستەش ئەوەندەشانازی پێوە بکەن و ئەوەندە بینای لەسەر بکات. تەنانەت یەکێک لەو مولازمانە کوردانەی شاری سلێمانی کە دەچوو بۆ بەغدا دەیووت با ئیتر نەلێن کورد عێراقی نیە)). نازانم کێ یە ئەلێ کورد عێراقی نیە ؟!! یان کەی بڕیار بوو ئێمە نیگەران بین ئەگەر غەیری کورد بلێ کورد عێراقی نیە؟ تا بۆی بسەلمێنین ئێمە عێراقین؟ کورد ئەگەر بە نابەدلی خۆی کراوە بە عێراقی. بۆ دەبێ لە لایەکی تریشەوە پێشبڕکێی پۆستە سیاسیەکانی بەغداد بکات.
ئەوەی من هەستی پێدەکەم ئەوەیە کە هیچ کاتێک گەلی کورد لەم بەشەدا بە هێندەی ئەمڕۆ توشی وونبونی ناسنامە نەبوە و ئەوەندە پارچە پارچە نەبوە. گەلی کورد سەرەڕای پارچە پارچە بوونی بەسەر پارتەکاندا. دوو پارچەی تر دروست بوە پارچەیەکی هێشتا هەست بە کوردستانیەتی خۆی دەکات و پارچەیەکی تر هەست دەکات بوەتە عێراقی و دەبێ شانازیشی پێوە بکات چونکە کوردێک بوەتە سەرۆک کۆماری عێراق. ئیتر گرنگ نیە چ عێراقێک و کۆمەلگەیەک ؟ عیراقێک پڕ لە ناکۆکی و نادادی وناڕەوایی و نا عەقلانی. کۆمەلگەیەک تۆلەسەندن و هستێری و عوسابی ئەو هەوایەیە کە هەناسەی پێ دەدەن..... جگە لەوەش کاتێ خەونی کوردستانی گەورە لەم بەشەدا دەگۆڕێ بە عێراقچێتی دەبێ لە بەشەکانی تریش ببێتە تورکیاچێتی و ئێرانچێتی و سوریاچێتی و ئاو بێنە و دەست بشۆ...

زۆر بەلامەوە سەیرە کە هەندێ لە ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری کورد هەن لە لایەک شانازی دەکەن بەوەی کورد لە پۆستە سیاسیەکانی بەغدادا پێگەی بە هێز و گەورەی هەیە و بەلام لە لایەکی تریشەوە گلەیی لەڕۆشنبیر و خەلکانی عەرەب و غەیری عەرەب دەکەن کە مافی جیابونەوە و سەربەخۆی تەواو بە کورد ڕەوا نابینن؟ ئەمە بە لای منەوە عەقلیەتێکی زۆر سەیر سەمەرەیە. کورد کە لەوێ لە بەغدا وەک مالی خۆی لێی دانیشێ, ئیتر خەلکی تر چۆن پێی بلێن بڕۆ جیا بەرەوە .

یەکێکی تر لەو کارە بێ سەروبەرانەی کە سەرکردەکانی کورد پێوەی خەریکن وەبیرهێنانەوەی مێژووی پەیوەندی خۆش و خالی هاوبەشی نێوان گەلی کورد و گەلی فەلەستینی و دەنگوباسی خۆشکردن و نوێکردنەوەی ئەو پەیوەندیەیە. بێگومان خۆشکردنی پەیوەندی لەگەل ئەودیدا هەنگاوێکی دروست و پێویستە بەلام دەبێ ئەو هەنگاوە لەسەر بنەمایەکی پتە و دروست بنرێ. دەنا هەزاران دۆلاریش لەبری ئەوەی لە پێویستیە سەرەکیەکانی کوردستاندا خرج کرێ, لەم  پێناوەدا خەرج دەبێ و هیچش بە هیچ نابێ ؟!! بێ بنەمایی لەم هەنگاوەدا لەو مێژوو وە دەبینم کە تێییدا پەیوەندی ئەو دوو گەلە وا خۆش بووە لەبەر ئەوەی خالی هاوبەش لە نێوانیاندا بووە ؟ ئەی پەیوەندی پارتی و یەکێتی و پارتەکانی تری کورد –لەو مێژوەدا و دوای ئەوەش – بۆچی خۆش نەبوو ئەی ئەوان خالی هاوبەش لە نێوانیاندا نەبوە و نیە ؟؟! یان بۆ دەبێ  باشکردنی پەیوەندی لەگەل فەلەستینیەکان بۆ پارتە نەتەوەییەکان, کارێکی ستراتیجی و پیرۆز بێ بەلام بۆ پارتە ئیسلامیەکان خیانەت و تاوانکاری بێ. جگە لەوە  بۆ پێشتر خەباتی ڕزگاری کوردی پێشمەرگە و لایەنگرانی خۆی وا فێرکرد بوو کە (ئەگەر هاتنەوە کوردستان یەکسەر قورئانەکان بە سواری هوشترەکانەوە دەنێرنەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە), بەلام ئێستە وێنەی مزگەوتی ( اقصی) بە دیاری دەهێنرێ بۆ سەرۆک کۆماری عێراق کە کوردە. کورد جارێ کێشەی –کەروک –ی پێ چارە ناکرێ, بایەخی چیە بچێتە جێگەیەک کە وێنەی مزگەوتی ( اقصی) پێشکەش بکرێ.

ئەگەر بەرپەرچی ئەم بۆچوونەشم ئەوەیە گوایە مرۆڤ و پارت و ئایدیەکان گۆڕانیان بەسەردا دێ. ئەوە دەلێم کەواتە دەبێ ئەو گۆڕانە لە بواری کۆمەلایەتی و کەلتوری دا زیاتر ئیشی بۆ بکرێ و ڕەنگ بداوەتە.

ئەوەش بەوە دەبێ کە ئێمەی کورد قوبولکردنی یەکتری لە ناوخۆماندا ببێتە کەلتور و دادوەری کۆمەلایەتی ببێتە سیستەمی ژیانمان و فەلەستینیەکانیش هەروەها. واتە هەر یەک لە گەلی کورد و فەلەستین جارێ دەبێ مالی خۆیان ڕێکبخەن و ئاوەدانی بکەنەوە ئەوسا باس لە باشکردن و چاکردنی پەیوەندی ماناو بایەخی دەبێ. کاتێ باس لە قبولکردنی یەکتر و پەیوەندی باش دەکەین, مەبەست ئەوەنیە لەسەر بنەمای موجامەلە و بەرژەوەندی سیاسی کۆمەلێکی تابیەتی دامەزرابێ, بە لکو دەبێ ئەو پەیوەندیە باشە کە لێرەدا مەبەستمە یەکەم  دەبێ خۆڕسک بێ و دووەم دەبێ ئەو باشییە لە خۆشگوزەرانی دادوەری کۆمەلایەت کۆمەلگادا وا ڕەنگ بداتەوە و بگاتە گشت چین و توێژی کۆمەلگە.

من بزانم تەنها سودێک ئەو سەرکردانە لە بەغدا کردویانە ئەوەیە کە زمانی عەرەبیان دەمەزەرد کردۆتەوە و کاتێکیش دێنەوە بۆ کوردستان پێشوازی دەکرێن.

---

من لەم بابەتەدا ناوی هیچ کەسێتیەکم نەهێناوە چونکە لەو باوەڕدا نیم کە کەسێک یان کۆمەلێک یان پارتێک بە تەنها بەرپرسیار بێت لەو شتانەی کە بە بۆچونی من کەموکورتین. کە خۆشم یەکێک لەوانەم برێک لەو بەرپرسیاریەتە هەلدەگرم بۆیە بە ئەرکی خۆم زانی ئەم بابەتە بنوسم . بەلکو هەموو ئەو کەموکورتی و نالەباریانە ئەنجامی عەقلیەتێکی سادە و ساویلکەیە کە بالی بەسەر کۆمەلگەی کوردیدا کێشاوە.